# ئەو وەڵامەی کە هاوڵاتی بڵاوی نەکردەوە
# وەڵامێك بۆ عادل باخەوان:

## زامی میتافیزیکی لە ئیسلامیستەوە بۆ ئەو پەڕی سێکیولاریست!

برای بەڕێزی سەرپەرشتکاری کوردستان نێت : پاش سڵاو وڕیزی بێ پایانم

بە مەبەستی قوڵکردنەوەی گفتوگۆیە هزرییەکان، ئەو نوسینەی بەردەستتانم نارد بۆ هەفتەنامەی هاوڵاتی، لە وەڵامی نوسینێکی کاك عادل باخەوان دا، کە لە دوو ژمارەی هاوڵاتی بڵاوکرانەوە. من دەمزانی وئێستاش دەزانم، کە زۆر کەس ودەزگا وگروپ، تخوبی دیموکراسیەتی وسینگ فراوانی ودانهێنانیان بە ئەویتر (الاخر) لای هەر کەسێکی یان بابەتێکی ئیسلامی تەواو دەبێت. من بۆچونێکی زۆر پۆزەتیڤانەم هەبوو دەربارەی هاوڵاتی، هاوڵاتی لە ژمارەی (١٣١) لە جیاتی سەلماندنی پیشایەتی و بێلایەنی خۆی، وتارێکی وەعزئامێزی کاك ڕێبوار سیوەیلی بڵاوکردبۆوە، کە سەرلەبەری قەسیدەیەکی مەدیح بوو بۆ هاوڵاتی، بەداخەوە پاش ئەوەی ئیمێلێکی تریشم بۆیان کرد، وەك بیرهینانەوە کەچی سوور بوون لەسەر بڵاونەکردنەوەی بابەتەکەم کە زۆری پێوە خەریك بووم، ئەمەی خوارەوە نامەکەی منە بۆ هاوڵاتی، ئینجا نوسینەکەم، هیوادارم هاوبەشیەك بێت لە قوڵکردنەوەی حیوار وپتەوکردنی پردی لێکگەیشتن.

---

## بەڕێز سەرنوسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی:

هەموو کاتێکت باش.

وەك خوێنەرێکی بەردەوامی هەفتەنامەی هاوڵاتی، زۆر دەمێکە، بە هیوای ئەوە بووم، نوسین وبەژداریم هەبێت، لە هەفتەنامەی هاوڵاتی.

بێ موجامەلە، دەتوانم بێ دڵ لە دڵدان بڵێم، تا ئەمڕۆ، هاوڵاتی چاکترین بڵاوکراوەی رۆژنامەگەری کوردییە، لە کوردستانی عێراق، روبەرێکی ئازاد ودیموکراسیانەی چاکی تێدایە، هیوادارم ئەو ڕوبەرە یەکسان بێت، بۆ هەموو ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەی بیرر وهزری کورد. . .

ئەوە یەکەمین هاوکاریم بۆ هەفتەنامەی هاوڵاتی دەنێرم، کە نوسینێکە، لە وەڵامی نوسینەکەی کاك عادل باخەوان بە ناونیشانی:

(لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) دا نوسراوە، کە بە دوو ئەڵقە لە هاوڵاتی بڵاوکرانەوە، ژمارە (١٢٨) و (١٢٩) ڕۆژانی ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣ و ٢٥ / ٦ /٢٠٠٣. هیوادارم وەك سادەترین مافی گفتوگۆ وئازادی دەربڕین لە هەفتەنامە بەڕێزەکەتان بڵاوبکرێتەوە.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕیز وخۆشەویستیم

محمد هەریری / لەندەن

سەرنوسەری پێشوی ئاڵای ئیسلام

٢٠٠٣/٧/٣

---

# وەڵامێك بۆ عادل باخەوان:
# زامی میتافیزیکی لە ئیسلامیستەوە بۆ ئەو پەڕی سێکیولاریست!

محەمەد هەریری

كاتێك وتارەكەی عادل باخەوانم خوێندەوە، زۆر بیر وبۆچۆنی تێكچڕژاو لە مێشك ودەرونم كەوتنە كەلكەڵە كردن.

چونكە من دەمێكە، وەك نوسەرێك، وخوێنەرێكی ئەدەبیاتی ئیسلامی كوردی، (عادل باخەوان) م ناسیوە، لە ڕێگای چەند وتار ونوسینێكدا ،لە سەردەمی ئیلتیزامی كاك عادل باخەوان بە (ئیسلامی سیاسی) لە (ڕاپەڕینەوە) تا (بزوتنەوەی ئیسلامی) .

هەرچەندە من بۆ ڕاستی بڵێم، هیچ نوسینێك، وبیرێكی ناوازەم، بەدی نەدەكرد، لە نوسینەكانی كاك عادل باخەوانی ئەوسا (ئەوە ڕای منە، هیچ لە نرخی نوسینەكانی ئەوسا وئێستای كاك عادل باخەوان، كەم ناكاتەوە) ، هەرچەندە لەناو بنكە وجەماوەرە عاتیفی ونەخوێندەوارەكەی (بەمانای نەخوێندەواری فیكری، ونەخوێندنەوە، وبەدوا داچونی قوڵ وپێویست) بزوتنەوە وگۆڕەپانی ئیسلامی، هەوادار وجۆرێك سەرسامی بە دەست هێنا بوو، كە وابزانم سەرەڕای هۆكاری پێشو، هۆی حزبیشی لە دوا بوو. چونكە زۆربەی حزب ولایەنە ئیسلامیەكان، لە ڕێگای ڕێكخستنەكانیانەوە، دەستور بە ئەندامانیان دەدەن، بۆ خوێندنەوەی فلانە كتێب وفلانە نوسەر، وبە پێچەوانەوەش!

نەك ئەوە، بەڵكو ئەو دەمارگرژییە، پەڕیوەتەوە بواری كۆمەڵایەتیش، بەوەی كە زۆربەی حیزب ولایەنە ئیسلامیەكان ژنیش بەیەك نادەن، ئەگەر كوڕێك، لە لایەنێكی ئیسلامی دیاریكراو، بچێتە خوازبێنی كچێك، لە لایەنێكی تر، چەندەش كوڕە چاك بێت بە پێوەری ئیسلام، ڕەتدەكرێتەوە، چونكە لەگەڵ پێوەری حیزبی ناگونجێت. !

پاش هاتنە دەرەوەی كاك عادل باخەوان بۆ فەرەنساش كەم تا زۆر ئاگاداری ئەحواڵی بومە لە ڕوی ئەو گۆڕانە conversion خێرا وزەبەلاح وكودەتاییانەی كە لە ڕوی بیرەوە بەسەریدا هاتوە.

بێگومان من مەبەستم لە گۆڕان conversion چەمكە سۆسیولۆژیەكەیە، كە بەو شێوانە پێناس كراوە:

١- بە دیاركەوتنێكی ناكاوی ڕۆڵێك، یان ئەدگارێكی نوێ لە كەسایەتیەكدا، وەك زاڵبوونی گرێیەك یان ئاڕاستەیەكی پەنهانی پێشو، بەسەر ئەو كەسایەتیەدا، بە جۆرێك ئەو تاكە ببێتە كەسێكی تازە.

٢- پرۆسێسی خۆ گونجانێكی خواهێشتییە (تەوعیە) كە تێیدا تاك بە ویستی خۆی پاتن pattern وسایكۆلۆژیەتی كۆمەڵێكی بیانی تەبەننا دەكات.

٣- پرۆسێسی كۆچكردنە لە سیستمێكی بەهاییەوە value system بەرەو سیستمێكی بەهایی تری نوێ[1] .

بێگومان من دەزانم كەوا هەموو مرۆڤێك لەو بونەوەرە پرۆژەیەكە بۆ گۆڕان وگۆڕینی بەردەوام، كە باسیش لەو گۆڕانەی عادل باخەوان دەكەم، من هێندە مەبەستم ئەو نییە لەسەر ئاستی كەسێتیدا، هێندەی مەبەستم لە تایپ وشێوازی ئەو جۆرە گۆڕانانەیە، كە بۆی هەیە دەیان حاڵەتی وەك ئەوم دیبێت، وهەموو ڕۆژێكیش دوبارە بنەوە.

گۆڕانیش جۆری هەیە وەك ئەوانەی دێن:

- گۆڕانی لۆژیكی ولەسەر خۆ، كە پاش لێكۆڵینەوە، وتێڕامان، ووردبونەوە، وتلانەوەیەكی زۆر، دێتە كایەوە، وەك قۆناغەكانی گۆڕانی حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) ، وگۆڕانی سەلمانی فارسی، ئەبو حامیدی غەزالی وبوزا، وچەندانی تر.
- گۆڕانی بەرژەوەند خوازی مەبەستدار: كە لە ژێر كاریگەری بەرژەوەندیەكی ئانی ومادیدا دێتە كایەوە. وەك ئەوەی لە گروپی (ئەلف) دەبێتە گروپی (بێ) لە نێوان شەو ورۆژێكدا، لەبەر هیچ نا تەنها، (بێ) ئەمڕۆ دەست باڵایە، وخاوەنی كاڵایە، هەروەك دوێنێ (ئەلف) وابوو.

نمونە زۆرن لەو بارەیەوە، بەڵام پێویست بە هێنانەوەیان ناكات.

---

[1] مفاهيم في الفلسفة والاجتماع،ص٧٤، المحامي احمد خورشيد النورقجى، ط١،بغداد ١٩٩٠، دار الشؤون الثقافية العامة.

www.kurdistannet.org
17/07/2003 23:01

- گۆڕان هەیە لە ئەنجامی ڕوداوێکی تاکە کەسی، یان موعاناتێکی کەسیەوە ڕودودات، وەك کاردانەوەیەك لە دژی هاوبیرانی پێشوی، زۆربەی جار گۆڕانکاریەکە لە ئاستی هۆکارە سادە وساویلکەکان نابن. لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، کەسی گۆڕاو converted هەوڵی دۆزینەوەی بیانوی ساختە دەدات، بۆ پەردە پۆشکردنی هۆیە ڕاستەکە.
- گۆڕانێکی تر لە ئەنجامی زامێکی میتافیزیکی (بە گوزارشی فرۆید) یان زامێکی نێرگسیەوە ڕوددەدات، کە لەژێر کاریگەری چەپۆکی بەیەك گەیشتن (صدمة اللقاء) وچەپۆکی فەرهەنگییەوە culture shock (الصدمة الثقافية) ڕوددەدات.

زامی میتافیزیکی: وەك جۆرج تەرابیشی ئاماژەی پێدەکات لە نوسینێکی فرۆید باسی هاتوە بەناونیشانی : (گرفتێك لەبەردەم شیکردنەوەی دەروونی) لەساڵی ١٩١٧، تێیدا باسی زامێکی مەعنەویی، یان میتافیزیکی دەکات، کە توشی ئادەمیزاد بوو، کە بوە هۆی زامدار کردنی مەزنایەتی وکیبریای، ئەوەش لە ئەنجامی دۆزینەوەی (کۆپەرنیکۆس) بوو، بۆ ئەو ڕاستییەی، کەوا زەوی چەقی بونەوەر نییە، بەڵکو زەوی، خۆی بە دەوری خۆر دەخولێتەوە. هەربۆیەش (کۆپەرنیکۆس) بەرەنگاری هێرشانێکی زۆر بووەوە.

بەڵام ئەو زامە، بە پلەی یەك وئەخیر، تایبەت بوو، بە ئادەمیزادی خۆرئاوا، کەخێرا توانی، ئەو برینە نێرگسییە سارێژکاتەوە وتێیبێنێتەوە، لە ڕێگای بە سەنتەرکردنی خود وکیشوەر وژیاری خۆرئاوایی!

زامی میتافیزیکی یان نێرگسی ئادەمیزادی دەرەوەی خۆرئاوا، لەو خۆ بەسەنتەر کردنەوە دروست بوو، کەوا بوو خودی ئەوروپا بوە (کۆپەرنیکۆس) ی کیشوەرەکانی تر![2]

شتێکی ئاساییە کە کاردانەوەی زامە نەرگسییەکان بە دوو جۆر خۆی بنوێنێت: یەکەم، نکوڵی کردن لە خودی زامەکە. دووەمیان، هەوڵی چارەسەر وسارێژ کردنی. چاکترین نمونە بۆ ئەو حاڵەتە، نوسەری بەناوبانگی میسری قاسم ئەمینە (١٨٦٣ — ١٩٠٣)

قاسم ئەمین، زۆر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، بە هەردوو حاڵەتەکە دا تێپەڕیوە، واتە لەسەرەتادا، هەڵوێستی نکوڵی کردنی لە زامە نەرگسییەکەی هەڵبژاردوە (بەرگری کردنێکی ڕەها لە باری ئافرەت لە ژیار وشەریعەتی ئیسلامدا، بەڵکو بەرگری کردن، لەو بارە ناهەموارانەی، کە زادەی داب ونەرێتی دەوروبەرێکی دواکەوتو بوو) ، بەڵام لە پاش ماوەیەکی کەم (بە پێوەری گۆڕانی ڕەگوڕیشەیی فیکری) ، هەڵوێستی سارێژکردنی زامەکەی وەرگرتوە (واتە سارێژکردنی زامەکە، وبەرگری مەرجدار، کە هێندەی نەبرد گۆڕا بۆ ئاڕاستە کردنی ڕەخنەی ڕەگوڕیشەیی بۆ باری ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامدا)

قۆناغی یەکەم : شاردنەوەی زامەکە ونکوڵی کردن

لە قۆناغی یەکەمدا لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٣ وسەرەتای ساڵی ١٨٩٤ کتێبی (المصريون:رد على الدوق داركور) ی بە فەرەنسی نوسی، بۆ وەڵامدانەوەی کتێبێکی (دۆك داركور) ، کە بە فەرەنسی نوسیبوی لە ساڵی ١٨٩٣، تێیدا زۆر بێ ئینسافی کردبوو، دەرهەق بە ئیسلام ومیسر ومیسرییەکان.

قاسم ئەمین لەو بارەیەوە دەڵێت :"کاتێك کتێبەکەی دۆك داركۆرم خوێندەوە، دە ڕۆژ نەخۆش کەوتم، ئەوەم بە هەموو هاوڕێکانم گوت، بەرلەوەی بیرۆکەی وەڵامدانەوەی بە بیرمدا بێت. ئەو کتێبە، لەو پەڕی دڵ ڕەقیدا بوو، خەمباری کردم، بەوەی کە هەوڵی زەوت کردنی، هەموو ئاواتەکانمی دەدا. بەڵام، هێدی هێدی هێمنی خۆم وەدەست هێناوە. . .)

قاسم ئەمین هەر بەوەڵامدانەوە ناوەستێت، بەڵکو بەو پەڕی جۆش وخرۆشەوە، هەوڵدەدات وێنەیەکی خەیاڵی ئاڵ ووال، ێ بۆ کۆمەڵگای میسری بکێشێت، وەك وێنە پڕ لە خەندە ساختەکانی، سەر گۆڤارە پڕوپاگەندەییەکانی سۆڤیەتی پێشوو! بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە هەموو بیر وبۆچونەکانی قاسم ئەمین، لەو وەڵامنامەیەدا هەڵەیە، بەڵکو پەردە لادەدات، لەسەر بلیمەتیەکی دەگمەن، ئەگەر لەو ڕێیە بەردەوام بوایە، واتە لەناوەوەی چوارچێوە ژیاریەکەدا کاری کردبا، لەوانە بوو، بیرمەندێکی واقیع بین، ویەکێك لە مەزنترین ریفۆرمستی جیهانی ئیسلام بوایە[3]. وبێ گومانیش دامەزرێنەری جۆرێك لە فێمنیزمی ئیسلامی دەبوو (ئەگەر بشێت وا گوزارشی لێبکەین)

---

[2]جورج طرابيشي، من النهضة إلى الردّة، ص٩،دار الساقي، ط١ ٢٠٠٠.
[3] قاسم أمين، تحرير المرأة والتمدن الاسلامى، د.محمد عمارة، دار الشروق، ط٢ ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م. انظر قسمات المنهج الاجتماعي ص ٢٩-٤٨.

دەربارەی کۆمەڵگای میسری دەڵێت :"لەگەڵ بوونی جیاوازی لە موڵك وساماندا، بەڵام کۆمەڵگای میسری، نمونەیەك پێشکەش دەکات، لە کۆمەڵگای برایەتی نێو چینەکان، چونکە وەك کۆمەڵگایەکی موسڵمان، تەنها لە یەك چین پێکدێت کە هەموو هاوڵاتیەك دەگرێتەوە، لە نێو ئەو هاوڵاتیانە لاواز وبەهێز، وزانا ونەزان، هەدار ونەدار هەیە، بەڵام دەستەو وکۆمەڵی جیا جیا نیە. هاوڵاتیان هەمویان یەك پارچەن، هەمان ماف وهەمان پریڤلیگیان (ئیمتیاز) هەیە، لەیەك ئاستن، هەموویان تێکرا گەل پێك دەهێنن. "

ئینجا وەڵامی ئەو رەخنە وتانانەی، تایبەت بە ئافرەتی موسڵمان دەداتەوە، بە جۆرێك، باوەڕ ناکەم، لەکاتی نوسینیاندا خۆشی باوەڕی پێی هەبو بێت!

دەڵێت:"ئافرەت سەربەستی ڕەفتارکردنی ڕەهای هەیە". . . "هەڵەیەکی گەورەیە بڵێین ئافرەت لە میسر زیندانی ناو ماڵە، هەموو ژنان، لە هەموو کاتەکانی شەو ورۆژ، دەردەچن بۆ دەرەوە، وەك پیاوان، بە تەنها، یان بە یاوەری دەستە خوشکانیان، پیاسە دەکەن، ودەخولێنەوە، بە بەردەوام سەردانی دەکەن، یان پێشوازی لە میوان دەکەن، لە بازار دەسوڕێنەوە، ودەچنە دوکان بۆ کڕینی پێویستیەکانیان، ودەچنە شوێنەکانی، گەشت وگوزار، وجاروبار بە تەنها سەفەر دەکەن. بەو پێیە، دەبینین ئێمە دورین، لەو تابلۆیە ڕەشەی کە دۆك دارکۆر بۆ ئافرەتانی ئێمەی کێشاوە کاتێك دەڵێت:" ئێمە سزایەکی، لەوە قورسترمان بە خەیاڵ دانایەت، بۆ بەدکاران لە وڵاتەکەمان، لەو ژیانەی کە بەسەر (ئافرەتانی میسر) [4] ئەوان سەپێنراوە"

لە بەرگریکردنی لە حیجابدا، ئەو حیجابەی قاسم ئەمین بەرگری لێدەکات هەر پێچە ونیقاب نییە، کە ڕوخساری ئافرەتی پێ دەپۆشرێت، بەڵکو – ئەوەش زیاتر مایەی سەرسوڕمانە – پشتگیری لە تێکەڵ نەبوون، ودابڕانی تەواوی ئافرەتان دەکات، لە کومەڵگای پیاوان، وزیندە بەماڵ کردنی، لە جیهانی ئافرەتاندا، بەکورتی بەرگری لە کۆمەڵگایەکی، جوداخواز دەکات. لە گەرمەی بەرگریکردنیشیدا، پێی وایە ئەو بارە، لەبارترین پیادەکردنە بۆ شەریعەتی ئیسلامی. [5]

لەو بارەیەوە دەڵێت:"دەکرێت لەو هەلومەرجە، ڕازیبین بە نزیك بوونەوەی ئافرەت وپیاو، بەبێ دروستبونی مەترسی لەسەر هێمنی وئاسایشی خێزان وڕەوشتی کۆمەڵگا؟ دینەکەمان بە (نا) وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. ڕامان دەسپێرێ، کەوا پیاوان کۆمەڵگای تایبەتی خۆیان هەبێت، کە یەك ئافرەتی تێ نەچێت، وئافرەتانیش، یەك پیاو لەناو خۆیان قبوڵ نەکەن. ویستویەتی بەو شێوەیە، پارێزگاری پیاو وئافرەت بکات، لەو لاوازیەی نێو سنگیان، وبۆ لەناوبردنی ڕەگوڕیشەیی سەرچاوەی بەدکاری"

نمونە زۆرن بەڵام بابەس بکەین بەوەندە.

قۆناغی دووەم : لە بەرگری مەرجدارەوە بۆ توانەوە لەناو زامەکە

لە نێوان کتێبی (المصریون:رد علی الدوق دارکور) و کتێبی (تحریر المرأة) سێ ساڵە، جۆرج تەرابیشی دەڵێت : "ئەوبیروڕایانەی لەو کتێبەدا (تحریر المرأة) دژی بیروڕاکانی کتێبی (المصریون. . .) ە تا ڕادەی ئەوەی زۆر سەختە باوەڕ بکەیت کە نوسەری ئەو دوو کتێبە یەك کەسن. ئەو دژیەکییە بەرەو ڕەگوڕیشەیی تر هەنگاوی نا کاتێك قاسم ئەمین کتێبی سێیەم وکۆتایی دەرکرد (المرأة الجدیدة) . بەڵگەش بۆ ئەوە گۆڕانی خیتابی discourse قاسم ئەمینە، لە بەرگری بۆ ڕەخنە، هەروەك باسمان کرد. ئەو جارەیان قاسم ئەمین، بە زمان وپێوەری ئەویتر (الآخر) نانوسێت، دواجا پێویستی نەماوە، بە شاردنەوەی زامە نێرگسییەکەی، یان نکولی لێکردنی یان بەرگری لە خۆکردن بەهۆی هێرشەوە. کەوابوو ئێستا پێویستی بە داپۆشینی واقیع نییە، بەڵکو پێویستی بە پەردە لەسەر لادان وروتکردنەوەیەتی، وەك ڕێخۆش کردنێك بۆ گۆڕینی "[6]

ئەو قاسم ئەمینەی کە لە (المصریون. . .) دەیگوت : "هەڵەیەکی گەورەیە، بڵێین ئافرەت لە میسر زیندانی ناو ماڵە، هەموو ژنان، لە هەموو کاتەکانی شەو ورۆژ، دەردەچن بۆ دەرەوە، وەك پیاوان، بە تەنها یان بە یاوەری دەستە خوشکانیان، پیاسە دەکەن

---

[4] نێوان دوو کەوانەکە ڕونکردنەوەی نوسەری ئەو وتارەیە.

[5] جورج طرابيشي، من النهضة إلى الردّة، ص١٧،دار الساقي، ط١ ٢٠٠٠. بەکەمێك دەسکاریەوە.

[6] هەمان سەرچاوە، ل ١٩ .

ودەخولێنەوە، بە بەردەوام سەردانی دەکەن، یان پێشوازی لە میوان دەکەن، لە بازار دەسوڕێنەوە، ودەچنە دوکان بۆ کڕینی پێویستیەکانیان، ودەچنە شوێنەکانی گەشت وگوزار، وجاروبار بە تەنها سەفەر دەکەن. "

هەمان قاسم ئەمین لە (تحرير المرأة) دا دەڵێت :"حیجاب ئافرەت زیندانی دەکات لە بازنەیەکی تەسکدا، لەو بازنەیەدا هیچ نابینێ ونابیستێ وفێر نابێ، جگە لە ڕوداوی بێ ئەرزش نەبێت، هەروەها ئەو حیجابە، دەبێتە بەربەست، لە نێوان ئافرەت وجیهانی زیندو، کە جیهانی فیکر وجوڵە وکارە، دەبێتە هۆی وەستانی گەشەکردنی وگەڕاندنەوەی بۆ دواوە، وتوشی منداڵ کاریەکی کەوناری دەکات، ووردە وردە، دەبێتە هۆی داڕمانی هێزە عەقڵی وئەدەبیەکانی ". . . "ئارەزومان لە حیجابکردنی ئافرەتان، پەلکێشی کردین بۆ تێکدانی تەندورستیان، وبۆ بەند کردنیان لە ماڵ، وبێبەشمان کردن، لە هەوا وخۆر وجۆرەها وەرزشی لاشەیی وعەقڵی". . . "کەس نیە لە ئێمە، نەزانێت کە ئافرەتانێکی زۆر، تەندروستیان تێك چوە، لەبەر ئەو ژیانە گەندەڵە، ولەو زیندانە ئەبەدییە، ژیان لەو جیهانە دەبەنە سەر، بە نەخۆشی جەستە وڕۆح، بەبێ ئەوەی هیچ چێژێکیان کردبێت لەو ژیانەی دونیادا"[7]

قۆناغی (تحرير المرأة) دەتوانین بڵێین وەك بەردەبازێکە لە نێوان دوو کەناری (المصريون. . .) و (المرأة الجديدة) ، لە نێوان سەختگیری وخەمساردی یان (تطرف) و (إفراط) .

چونکە هێشتا نەفەسی ئەوەی تێدا ماوە بڵێت:" پێویستە ملکەچی، فەرمایشتەکانی خوا بین، بەبێ لێکۆڵینەوە ووتووێژ، بەڵام دەقێك نادۆزینەوە لە شەریعەت، حیجاب بسەپێنێت، بەو جۆرە باوەی ئێستا، بەڵکو ئەو جۆرە حیجابە، نەریتێکە لە تێکەڵاوی چەند نەتەوەیەکەوە فێری بوون، وپەسندیان کرد وزیادەڕۆیشیان تێدا کرد، وپۆشاکی ئایینیشیان کردە بەر، کەچی ئایین لێی بەرییە"[8] ئەمەو بیروبۆچوونی گەلێك جوان ومیانەڕۆ وریفۆرمیستی تری هەیە، لەو کتێبە، بەڵام بەو ئاڕاستەیە بەردەوام نەبوو، چونکە ئەگەرچی نوسەر وکەسایەتییەکی ئایینی وتەقلیدی وکۆنسێرڤەتیڤی conservative زۆر وەڵامیان دایەوە، تا ڕادەی هەراسان کردنێکی زۆر لەسەر ئاستی کە سێتیشدا، بەڵام گومانم لەوە نییە، کە زۆری پێناچوو دەیان وسەدان هەزار وملیۆنەها کەس، پشتگیریان لێ دەکرد، چونکە بەڕاستی هەروەك قاسم ئەمین لە دەقەکەی پێشوو گوتی:" دەقێك نادۆزینەوە لە شەریعەت، حیجاب بسەپێنێت بەو جۆرەی باوە. . . " هەرچەندە "پۆشاکی ئایینیشیان کردە بەر، کەچی ئایین لێی بەرییە" هەتا نوسەرێکی گەورە ومەوسوعی وەك دکتۆر محمد عمارە پێی وایە کە ئیمام محمد عەبدە ریفۆرمستی ئیسلامی بەناوبانگ بەژداری هەبووە لە نوسینی کتێبی (تحرير المرأة) [9]

بەڵام لەگەڵ کتێبی (المرأة الجديدة) قاسم ئەمین، شۆرایەکی زەبەلاح وپۆلایینی لە نێوان خۆیی وهەر میسرییەکی موسڵمان دروست کرد، چونکە لەگەڵ ئەو کتێبە، مەرجەعیەتی فکری وژیاری بەتەواوی گۆڕی، ئەوەش هەڵەیەکە زۆر لە ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلام تێی دەکەون، چونکە ئاخاوتن بە زمانی ئەویتر، بریتیە لە خۆکوژییەکی فەرهەنگی وژیاری! لەوانەیە نوخبەیەك ئافەرینت لێبکات، یان چەندین خەڵاتی ڕەسمی لە وڵات ودەرەوە وەرگریت، بەڵام هەموو ئەوانە ناتوانێت، متمانەی زۆرینەی سەرتاسەری خەڵکت بۆ مسۆگەر بکات، یان متمانەی ئەو جەماوەرە دیندارەی کە تۆ دەمت ئاڕاستەی دەکەیت.

ئەوەی قاسم ئەمین لە (تحرير المرأة) گوتی وداوای کرد، شێخ محمدی غەزالی، بە چەندین بار لەو پتری گوت وداوا کرد، بەڵام ئەوانەی گوێ دەگرن بۆ قاسم ئەمین، نابێتە ١٪ ئەوانەی گوێ دەگرن لە شێخ محمدی غزالی (ئەزهەری میسری، مەبەستم ئەبو حامیدی غەزالی سۆفی نییە) .

جگە لەوەش ئەمڕۆ هەزارەها بەڵکو ملیۆنەها کەس لەو جیهانەی ئیسلامدا، پەیڕەو لە بیروڕا ڕوناکەکانی محمد غەزالی دەکەن، بەڵام تاقە موسڵمانێکی مولتەزیم ولە دین گەیشتوو نا دۆزیتەوە پەیڕەو لە بیروڕاکانی قاسم ئەمین بکات، چونکە دوا نوسینەکانی لە دەرەوەی مەرجەعیەتی دینی وفیکری وژیاری ئیسلام بوو، بە زمانی ئەویتر دەینوسی، ئەو ئەویترەی بەو هەموو پاشینە دزێوەی کە هەیەتی لە ئەندێشەی کۆمەڵایەتیانsocial imagination.

---

[7] (تحرير المرأة)
[8] قاسم أمين، تحرير المرأة والتمدن الاسلامي، د.محمد عمارة، دار الشروق، ط٢ ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م. ص ٧٦.
[9] قاسم أمين، تحرير المرأة والتمدن الاسلامي، د.محمد عمارة، دار الشروق، ط٢ ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م. ص٨٨.

له (المرأة الجديدة) قاسم ئەمين بەو جۆرە لە حيجابى ئافرەتى موسڵمان دەدوێت، هەتا لە شێوە شەرعييەكەشيدا:"ئەو ئافرەتەى كە لەسەريەتى، باسك وقاچەكان وئەندامە ديارەكانى لەشى داپۆشێت، بە جۆرێك كە ناتوانێت بڕوات بەپێ يان بە سوار، بەڵكو ناتوانێت هەناسە بدات و ببينێت، وقسەشى بۆ ناكرێت بە زەحمەتى نەبێت، ئەو ئافرەتە كۆيلەيە، چونكە تەكليف كردنى بە خۆخستنە ناو پارچەيەك قوماشەوە، مەبەستيەتى بەو كارە شێوەى مرۆڤانە وسروشتى بشێوێنى، لە نەزەر هەموو پياوێك جگە لە ئاغا وسەردارى نەبێت". . . "يەكەم كار، كە هەنگاوێك بێت بەرەو ئازادكردنى ئافرەت، بريتيية لەدڕاندنى حيجاب ولەناوبردنى شوێنەواريەتى"

لە دوا بەشى كتێبەكەى (المرأة الجديدة) دەگاتە دەرەنجامێكى ئەنترۆپۆلۆژى، كە دوور نييە لە سادەگيرى ويەك ڕەهەنديدا" حيجابى ئافرەتان هۆى دواكەوتن ودارمانى ڕۆژهەڵاتە، بێ حيجابيش نهێنى پێشكەوتنى خۆرئاوايە"[10] !!

بەو پێيە، بەردەوام دەبێت، لەسەر هەڵكەندن، لە زامە نێرگسييەكەى، بە جۆرێك هيچ شتێك نامێنێت، لە ئيسلام وەك دين ووەك ژيار، ببێتە مايەى سەرسامى وريز لێنانيان، هەتا لەو بوارانەشى كە لەلايەن ژيارى خۆرئاواشەوە ئاماژەى پێكراوە، بۆ نمونە دەربارەى زانايەكى عيملاقى (بە شاهێدى ماڵخۆ وبێگانە) وەك ئيبن خەلدون دەڵێت:" پێويستم بەوە نييە، بڵێم كەوا (موسڵمانان) ، هيچيان دەربارەى زانستەكانى سياسى وكۆمەڵايەتى وئابورى نەدەزانى، چونكە ئەو زانستانە نوێن، ئەگەر سەرسەختێكيش دەيەوێت، لەوە دڵنيا بێت، با بڕوانێتە (مقدمة ابن خلدون) كە تەنها كتێبێكە لەبارەى بنچينە كۆمەڵايەتيەكان، لاى موسڵمانان دانراوە، بەديار دەكەوێت كە ئەو بنچينانەى پشتى پێ بەستون، زۆربەيان دور نين لە هەڵە. . . "

"ئەوەى سەيرە ئەوەيە، كەموسڵمانان لە هەموو قۆناغەكانى پێشكەوتنياندا، نەگەيشتن بە ئاستى ئومەتى يۆنانى، ونەگەيشتن بەو سيستمانەى، بۆ پاراستنى بەرژەوەندييەكانى ئوممەت، وپاراستنى ئازادى پێويستن، كە ئوممەتى يۆنانى پێى گەيشتن"

بەو هەناسە مازۆخييە، قاسم ئەمين بەردەوام دەبێت، لەو خۆداركاريەدا، تا ڕادەيەك ئەوەى دزێو وخراپە، دەيداتە پاڵ خۆى (وەك موسڵمانێك وميسرييەك) ئەوەشى جوان وچاكە، دەيداتە پاڵ ئەويتر، ئەو ئەويترەى ئێستا قاسم ئەمين ئاوێتەى بوە.

لەوانەيە كەسانێك بپرسن، ئەو هەموو باسە پەيوەندى چييە بە وەڵامدانەوەى نوسينەكەى (عادل باخەوان) .

من دەزانم نوسەرێكى ناودارى وەك قاسم ئەمى، ن ناكرێت بە هيچ جۆرێك بەراورد بكرێت، بە نوسەرێكى تازە هەڵكەوتوى وەك كاك عادل باخەوان (لەگەڵ ڕيزى بێ پايانم بۆى) ، بەڵام من مەبەستم لە ڕونكردنەوەى ميكانيزميەتى ئەو گۆڕانەيە conversion كە قاسم ئەمين، وعادل باخەوان، وچەندين كەسى تر پێيدا تێپەڕيون، كە نامەوێت لێرەدا ناويان بهێنم. مەبەستيشم لەو وەڵامە هەر كاك عادل باخەوان نييە، بەڵكو هەموو ئەو كەسانەيە كە تا دوێنێ ئيسلاميستى توند وبەڵكو چەكدار بوينە، كەچى لە غەفڵەتى زەمەندا ئەمڕۆ وا قسە دەكەن لە (ئۆگست كۆمت) پشيان تێپەڕاندوە، كاروپيشەيان تەنها بۆتە ڕەخنە گرتن لە مەرجەعيەتى دينى وفيكرى وژيارى ئيسلامدا، بە هەڵپەن بۆ هەڵڕێشتنى ڕەخنەكانيان لەدژيدا لە هەموو هەلێكدا. نەك هيچ ڕەخنەيەكيش ئاراستەى سێكيولاريستەكانى وڵات ودەرەوە ناكەن، بەڵكو هەنديكيان وێبسايت وگۆڤارەكانيان تەرخان كردوە، بۆ هەر وتار وڕەخنەيەك لەو ئاراستەيە بنوسرێت، لەو پەرى چەپڕەوەوە بۆ ئەو پەرى ڕاستڕەو، لە گۆڕەپانەكانى ئەمانە تەنها ئيسلام بۆتە (يوسف) لە نێو برا دڵڕەشەكانى!

خاڵى دوەم لەو بەراورد كرنەدا، زەحمەتە بتوانيت بە شێوەيەكى بەڵگەنامەيى (تەوسيقى) باسى مێژووى قۆناغەكانى فيكرى عادل باخەوان بكەيت، لەبەر چەند هۆيەك، لەوانە هەرگيز بيرم لەوە نەدەكردوە، ڕۆژێك وەڵامێك لەسەر عادل باخەوان بنوسم، دووەم: دورى لە كوردستان كە دەستم بە نوسينەكانى ڕاناگات، سێيەم نوسينەكانى وەك قاسم ئەمين، لە يەك بەرگى (الاعمال الكاملە) كۆنەكراوەتەوە!

بۆيە ناچارم، پشت بە يادوەرى خۆم، وشێوازى مێژووى زارەكى oral history ببەستم لەو بوارەدا.

---

[10] جورج طرابيشي، من النهضة إلى الردّة، ص٢٦-٢٧،دار الساقي، ط١ ٢٠٠٠.

هیوادارم کاك عادل باخەوان، ئەو قسانەم بە دەستێوەردان لەکاروباری کەسێتی تایبەتی نەزانێت، چونکە ئەوەی ناودار بوو، ڕوبەری تایبەتمەندی کەسێتی زۆر تەسك دەبێتەوە، ودەبێتە موڵکی جەماوەر.

ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە کە کاك عادل باخەوان، ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوەی ئیسلامی بوە تا پێش دەرچوونی لە کوردستان بە ماوەیەکی کەم، لەو ساتانەدا چالاکی زۆری هەبوە، وەك نوسین وسیمنار، ودەرس وتنەوە، وگەلێك چالاکی تر.

بەڵکو یەکێك بوە، لە بەرپرسەکانی مەڵبەندی بزوتنەوەی ئیسلامی، ولە هەمان کاتدا بەرپرسی ڕاگەیاندن بوە.

وێنەی کاك عادل باخەوانم دیوە، بە کۆڵێك ڕیش وبەچەك وتەخت وڕەختەوە، لەوانەیە ئەگەر ئێستا ببینێت خۆی خۆی نەناسێتەوە!

لە بیرمە حیکایەتێکی کاك عادل باخەوانم خوێندەوە، کە لە چەند نامیلکەیەك بە شێوەیەکی سادە کۆپی کردبوو، بەڕاستی خوێندنەوەم بۆ ئەو (ڕۆمانە) منی بەو قەناعەتە گەیاند، کە هیچی تری ئەو نوسەرە نەخوێنمەوە، چونکە ئەوەی بە بیرم بێت، ئەو (ڕۆمانە) ی تەرخان کردبوو، بۆ ستایشکردنی قارەمانانێکی ناو حیکایەتەکە، کە هەموو قارەمانێتیان ئەوە بوو کە ساڵۆنی ئارایشی ئافرەتانیان دەتەقاندەوە!!

کە لەخوێندنەوەی بومەوە، سەرم سوڕما لەوەی کەیەکێك، ڕۆشنبیرێکی ناسراوی حیزبێك بێت، بەو جۆرە سەقەتە بیرکاتەوە، بۆیە لەو برادەرەی خاوەنی نامیلکەکانم پرسی : تۆ دڵنیایت ئەوەی بەردەستم نوسینی عادل باخەوانە؟ وایزانی بەدڵم بوو، بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە گوتی : بەڵێ، بەڵێ. . ماشەڵڵا زۆر زیرەکە، برایەکی خۆمانە!

عادل باخەوان لەو ئاستەی بیرکردنەوەدا بوو، هەتا ساڵی ١٩٩٧یش،

چونکە تا ئەو کاتانە بە سوپەری حیزبەکەی هاتووچۆی مەڵبەندی دەکرد.

پێشدەرچوونی لە کوردستان، وەك بیستم، کەمێك ناکۆکی لەگەڵ چەند کەسانێکی ناو بزوتنەوە دروست ببوو، کەمن تفاصیلی نازانم، ئایا لەسەر چیبوو؟ ئایا ناکۆکی مادی، یا فیکری، یا سیاسی، یا کەسایەتی بوو.

عادل باخەوان هەرکە گەیشتە ئەوروپا وفەرەنسا، هەموو کالآی پێشوی فڕیدا، بە خێراییەکی قیاسی وسەرسوڕهێنەر، من دور بەدوری، باوەڕم بە هەموو هەواڵەکانی گۆڕانی کاك عادل باخەوان نەدەکرد، دەترسام دەسیسەی حیزبی لە دواوە بێت، بەڵام لە نامەیەك، بۆ برادەرێکی نوسیبوو لە لەندەن، لەسەر کێشەیەك لە نێوانیان دروست ببوو لە ئەڵمانیا لە شاری ئاخن، لە کۆنگرەی (الحوار العربی الکردی الاسلامی) ، من لەماڵی ئەو برادەرە بووم، کە نامەیەکی کاك عادل باخەوانی نیشاندام، هەندێك عیباراتی تێدا بوو، زۆر بە ئاسانی ئاماژەیان دەکرد بەو گۆڕانە ڕەگوپیشەییە.

لە هەمووی سەیرتر، دەتوت کاك عادل باخەوان پەلەیەتی بۆ ناساندنی ناسنامەی تازەی بە هەموو کەسێك، چونکە لە کوتایی نامەکەیدا نوسیبووی، کە هیچ مانعێکی نییە ئەو نامەیە نیشانی کەسانیتر بدات، یان هەتا بلآویشی کاتەوە، وەك بڵێی موراسەلاتی مارکس وئەنگلز بێت.

من دژی ئەوە نیم، کە کاك عادل باخەوان بگۆڕێت، ئەوە ئەوەل وئەخیر پەیوەندی بە خۆی هەیە، بێگومان باوەڕ ناکەم کەس بێتە ئەوروپا، بەجۆرێك لە جۆرەکان گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، چونکە بێگومان، ئەوروپا شتێکی چاکی زۆری تێدایە لێوەی فێربین، لە فیکر، لە ئیدارە، لە یاسا، لە ئابووری، لە سیستمی حوکم، لە ڕیزگرتنی مافی مرۆڤ، لە دادپەروەری. . . هتد.

بەڵام گۆڕان بەیەکجاری، هەموو قەناعاتی فیکری ودینی وژیارییت بگۆڕێت، لە ماوەیەکی وا قیاسیدا، ئەوەیان پێویستی بە هەلوەستە کردن هەیە.

**خوێندنەوەیەك لە نوسینەکەی عادل باخەوان**

کاك عادل باخەوان مەبەستی خۆی هەر لە ناونیشانی نوسینەکەیدا ئاشکرا دەکات (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) جۆرە بەرامبەریەك دەخاتە نێوان (مزگەوت وقوتابخانە) و (ترادیسیۆن ومۆدێرنیتی) کە لە ئەنجامی (یاخود) دا هاوکێشەکە وای لێدێت:

(مزگەوت =ترادیسیۆن) (قوتابخانە=مۆدێرنیتی)

www.kurdistannet.org
17/07/2003 23:01

مزگەوت لەو هاوکێشەیەدا، لە تەواوی نوسینەکەیدا دەبێتە سیمبۆل ورەمزێك بۆ ترادیسۆن، وئەوەی بەهای سەلبییە وبەخەیاڵت دا گوزەر دەکات، لە بەرامبەریشدا قوتابخانە دەبێتە سیمبۆلی مۆدێرنێتی وهەموو بەهایەکی پۆزەتیڤ وچاك، دەبێتە قەڵای عەلمانیەت، بەڵکو مێژووی عەلمانیەت.

کەچی کاك عادل باخەوان، پێی وایە ناونیشانی وتارەکەی زۆر ئاڵۆز وقورسە، هەر لە سەرەتای نوسینەکەیدا بە شێوەی بەرنامە ناودارەکەی (من سيربح المليون) who wants to be “millionaire لەبارەی مەتەڵۆکی نوسینەکەیدا دەڵێت:"دیارە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تاڵە دەزوویەکی هەیە کە تەواوی بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وە ئەگەر خوێنەر نەتوانێت ئەو تاڵە دەزووە بدۆزێتەوە ئیدی خوێندنەوەکەی تەواو بێ مانا دەبێت"[11] خۆزگە عادل باخەوان کارەکەی لێ ئاڵۆز نەکردبایەن، چونکە من بەڕای خۆم پاش خوێندنەوەی نوسینەکەی هەر لە ناونیشانەوە تاڵە دەزووەکەم دۆزیەوە بەڵام گومانم هەبوو لە خۆم، تا سەرتاپای نوسینەکەیم خوێندەوە، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە بەهەڵەدا نەچوبوم. هیوادارم منێکی ترادیسۆن توانیبێتم، لە مەبەستی کاکە عادل باخەوان گەیشتبم!

چونکە رابەرانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەڵێن:"گرنگترین شت لە هەر خیتابێك، ئەو شتەیە خیتابەکە لێی بێدەنگ بوە، یان ناڕاستەوخۆ خۆی لەقەرەی داوە!"

ئەوە با لەوە گەڕێین کە دەڵێت "ئەم لێکۆڵینەوەیە هیچ خەلفیەتێکی ئیدیۆلۆژی لە پشتەوە نیە" چونکە ئەو قسەیە، بۆ ساتێکیش خۆی ناگرێت، لەبەردەم خوێندنەوەیەکی بە ئاگا وهۆشیارانە، لە میانەی ئەو وەلامەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت. . .

دوایی کاك عادل باخەوان بە (مانایەکی پان)[12] پێناسەی چەندین سۆسیۆلۆگمان بۆ دەکات بۆ زاراوەی "دەزگا" یان (ئەنیستیتیوسۆن) institution. من لێرەدا پێویستم بە دووبارە کردنەوەیان نییە، بەڵام پاش خوێندنەوەی پێناسەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر شوێنێك چالاکیەکی کۆمەلایەتی لە ناودا ئەنجام بدرێت، ئەوە دەزگایە، بەو مانایەش مزگەوتیش دەزگایە لە دەزگاکان، قوتابخانەش دەزگایە، هەروەها نەخۆشخانەش دەزگایە، بەڵام هەربۆ دەرخستنی ماسولکەی فەرهەنگی خۆی، کاك عادل باخەوان چەند گەورە سۆسیۆلۆژێکی وەك ماکس فیبەر وهیوگ، بە هەڵە دادەنێت، گوایە دەزگایان کردۆتە هاوواتای ڕێکخراو:"بە شێوەیەکی تەسکتر وهەندێك جار چەمکی "دەزگا" – ئەنستیتیسیۆن" وەك موورادیفی – سینۆنیمی "ڕێکخراو – ئۆرگانیزاسیۆن" بەکار دەهێنرێت. تەنانەت هەندێك جار سۆسیۆلۆگەکانیش لەبەر ورد نەبوونەوەیان دەکەونە هەمان تەڵەزگەی کۆنسێپتەوە. تا ئەو ڕادەیەی کە گەورە سۆسیۆلۆگی وەك ماکس فیبەریش لەبەر گرفتی وردنەکردنەوە دەکەوێتە هەمان تەڵەزگەوە. . . لەسەر هەمان تێگەیشتن هیوگی سۆسیۆلۆگ. . ."[13]

پێموایە ئەو تەڵەزگەیە تەنها لە خوێندنەوەی عادل باخەوان دایە، چونکە چەندین سۆسیۆلۆگی تریش لەسەر هەمان ڕان، بۆ نمونە سۆسیۆلۆگێکی وەك ئێرڤینگ گۆفمانErving Goffman لەو پێناسەیە ڕونتری دەکاتەوە:

“Most commonly it is used to refer to **organizations** which contain people، as in the case of hospitals، prisons، mental hospitals، homes for people mentally handicapped and the like. [14]”

"زۆربەی جار (ئەنستیتیسیۆن) بەکار دەهێنرێت بۆ ئاماژە کردن بۆ ئەو **ڕێکخراوانەی** خەڵکی تێدایە، وەك لە حاڵەتی نەخۆشخانەکان، زیندانەکان، نەخۆشخانە عەقلییەکان، ئەو ماڵانەی بۆ خەڵکی کەمئەندام کراون وئەوانەی لەوانە دەچن"

جا هەموو دەزگایەك، شتێك دەبەشێتەوە، یان چەند شتانێك، هەیە خێر دەبەشێتەوە، هەشیانە نۆرم Norms دەبەشێتەوە، هەندێك دەزگای تر خێر ونۆرم دەبەشێتەوە.[15]

---

[11] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە (١٢٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣

[12] لەوانەیە مەبەستی فراوان بێت.

[13] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە (١٢٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣

[14] THE SOCIAL SCIENCE ENCYCLOPEDIA, edited by Adam Kuper and Jessica Kuper, ROUTLEDGE 1996 LONDON AND NEW YORK. P.417

[15] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە (١٢٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣

نۆرم یش بریتییە لە کۆی ئەو یاسا وداب ونەریت وپرنسیپ وبەهاکان.

مزگەوتیش چونکە دەزگایە، کەوابوو ئەویش نۆرم دەبەشێتەوە، نەك خێر، قوتابخانەش نۆرمی تر دەبەشێتەوە.

عادل باخەوان بە پشت بەستن، بە فەلسەفەی مۆدیرنیتی، دەیەوێت هەموو قودسیەتێ لە مزگەوت داماڵێت، بەوەی کە تەنها دەزگایەکە، وەك هەردەزگایەك، نەخۆشخانە، گرتوخانە. . هتد.

"چۆن قوتابخانە دەزگایە، مزگەوتیش بە هەمان شێوە دەزگایە. دەزگایە، وەك دەزگای گەشت ودەزگای زیندان ودەزگای نەخۆشخانە. . . "[16]

قوتابخانە دەزگای عەلمانیی وعەقلانیەتە، بەڵکو قوتابخانە مێژووی هەموو عەلمانیەت چڕ دەکاتەوە، بەپێی (دورکایم) .

کەچی هیران دەڵێت:" لە کاتێکدا ئامانجی ئێمە عەلمانیکردنی قوتابخانەیە. . . . " کەوابوو قوتابخانە مەرج نییە بە زەرورەت عەلمانی بێت، چونکە هەر قوتابخانەیەك، ڕەنگی ئەو ژینگە فیکری وئایدیۆلۆژییە وەردەگرێت، لەو وڵاتەی کەتێیدا دەبێت.

لێرە عادل باخەوان، بەبێ هیچ وردبونەوەیەك، مەقولاتی سۆسیو سیکیۆلاریزمی فەرەنسی دوبارە دەکاتەوە.

قوتابخانە، هەر شوێنێك نییە بۆ فێرکردن "بەڵکو بونێکی ئەخلاقیشە" "قوتابخانە تەنیا جێگایەك نییە بۆ فێربوون، بەڵکو پانتاییەکیشە بۆ مۆراڵ-ئەخلاق"

مزگەوتیش شوێنیکە بۆ پەروەردەی ئەخلاقی بەڵام" مزگەوت پەروەردەی ئەخلاقی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم پەروەردە ئەخلاقیە لەگەڵ پەروەردەی ئەخلاقی قوتابخانەی دەولەتی ناگونجێت، چونکە قوتابخانە ئەخلاقێکی عەلمانی هەیە، ومزگەوت ئەخلاقێکی ئاینی"[17]

عادل باخەوان وادیارە، کاتێکی نەگونجاوی هەڵبژاردوە، بۆ ستایشکردنی ڕۆڵی ئەخلاقی عەلمانی قوتابخانە، لە جیهانی رۆژئاوادا، چونکە بەڕاستی، قوتابخانەکانی رۆژئاوا، لە تەنگژەیەکی ئەخلاقی وزانستی گەورە دەژێن، لە سایەی ئەو ئەخلاقە عەلمانیەدا، ئەمڕۆ قوتابخانەکان، لە جیهانی رۆژئاوادا، بونەتە مۆڵگەیەك، بۆ سەدان تاوانکاری کوشتن، وسێکس، وتلیاك. رۆژانە لە میدیاکان هەواڵی کوشتنی قوتابی ومامۆستامان پێدەگات، هەر بەدەستی قوتابیان!

ئەوە باسی دەستدرێژی سێکسی هەر مەکە، باندی وا هەن، بازرگانی سێکسی، بە کچە منالْ وهەرزەکانی قوتابخانەکان دەکەن، کار گەیشتۆتە دەستدرێژی سێکسی، بۆ سەر مامۆستا ئافرەتەکانیش، دوا هەواڵ لەو بارەیەوە، لە بەریتانیا دەستدرێژی کردنێکی سێکسی بە کۆمەڵ بوو، لەلایەن زیاتر لە ١٠ قوتابی بۆ سەر مامۆستای خۆیان. لە باشوری ئەڵمانیا قوتابیەك گوللەیەکی بە قاچی مامۆستاکەی وەنا (کە ئافرەت بوو) ودوایی خۆی کوشت، هەر پار بوو لە ئەڵمانیا قوتابیەك بە گوللە بەربوە گیانی مامۆستایان وقوتابیان لە ئەنجامدا ١٦ مامۆستا وقوتابی کوشت.[18]

ئەگەر کاك عادل باخەوان، لە خۆرئاوا، پرسیار لە هەر منالێك بکات، دەربارەی بازاڕی تلیاك، لە قوتابخانەکان، ئەو کاتە دەزانێت، قوتابخانەی ژێر سایەی ئەخلاقی عەلمانیەت، کە سۆسیۆلۆگەکانی ئەو مژدەی پێ دەدەن، چەندە وێرانە، وچۆن ئەخلاقێکی داڕماو فێری منداڵان دەکەن!

ئەوە باسی ئەو دابەزینە سامناکەی ئاستی زانستی هەرمەکە، کە خۆم دەمنادەم، نوسین ووتاری لەسەر دەخوێنمەوە.

لە ژێر کاریگەری کەلەپوری فەرهەنگی فەرەنسی، کە توندترین شەڕ وکێشەی، نێوان کڵێسا وپیاوانی شۆڕش فەرەنسی، لە سیاسیەکان وزاناکان، بەخۆوە دیت. کە لە ئاکامدا توندڕۆترین فەرهەنگی عەلمانی لێکەوتەوە، کە بە هەموو توانایەکی هەوڵی کەنارکردنی هەموو شتێکی ئاینی دا لە پرۆسێسی کۆمەڵایەتیدا، بە چاوی دژە ئازادی ومەدەنیەت تێیدەڕوانی، لە ژێر کاریگەری ئەو عەلمانیەتە سەرەڕۆیە، عادل باخەوان بەردەوام دەبێت، لەو بەرامبەر یەکگرتنەی قوتابخانە ومزگەوت، وەك دوو شتی دژ بەیەك، وەك ڕەش وسپی"

---

[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[17] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[18] صحیفة الشق الاوسط، ٢٠٠٣/٧/٣

" قوتابخانه مامۆستای هەیە و مزگەوت مەلا"

من تێناگەم، ئەو بەرامبەر یەکگرتنە، چ مەنتقێکی لەدواوەیە، تەنها مەنتیقی بە سیمبۆلکردنیان نەبێت، مزگەوت سیمبۆڵی کۆمەڵگەی ترادسیۆن وپاشکەوتو وکۆن، ودژ بە قوتابخانە، کە سیمبۆلی پێشکەوتن ومۆدێرنیتی یە.

وادیارە چۆن قاسم ئەمین، کەف وکوڵی زامە نەرگسییەکەی ئاڕاستەی حیجاب کردبوو، چارەسەری زامەکەشی لە سفور دەدۆزیەوە، بە هەمان شێوە، عادل باخەوان کەف وکوڵی زامە نەرگسییەکەی، ئاڕاستەی مزگەوت دەکات، وچارەسەری زامەکەشی لە قوتابخانە دەدۆزێتەوە.

نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو وەك سیکیولاریستێکی سەرەڕۆ پێی وایە" قوتابخانە ئەم دونیای هەیە و مزگەوت ئەو دونیا"

ئەی چ ڕێگا دەگرێ مزگەوت ئەم وئەو دنیای هەبێت؟! ئایا ئەرکی مزگەوت وڕۆڵی کاریگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆش، لە ژیانی دونیای موسڵمانان دەکرێت نکوڵی لێبکرێت؟!

هەر لەو مزگەوتانە نەبوو شۆڕشی گەلانی موسڵمانان دەستی پێکرد، لە جەزائیر ومیسر ومەغریب وعێراق. . هتد؟

ئەو شۆڕشانە بۆ ئەم دونیا بوو یان ئەو دەنیا؟!

ئەوە ئەگەر مەبەستی عادل باخەوان خودی مزگەوت بێت، کەمن پێموایە مەبەستی هەموو ئیسلامە وەك نەسەقێکی دینی وژیاری وفیکری.

عادل باخەوان پێی وایە، کۆمەڵگای ترادیسیۆن پێویستی بە هیچ دەزگایەك نیە، لە مزگەوت زیاتر:"کۆمەڵگایەك کە بە تەنیا ترادیسیۆن هەڵدەبژێرێت. کۆمەڵگەیەك کە بەناوی یەك خواوە پەلاماری سروشت دەدات وجەنگی سەرجەم خواکانی تر ڕادەگەیەنیت (وادیارە پاش مۆدرەنایز بوونی عادل باخەوان، ژمارەی خواکانیش زیادیان کردوە!) بێگومان ئیتر بە موباحی دەزانێت هەموو منالآنی دونیا پەروەردەی عائیلەیەك وەرگرن، وە بە موباحی دەزانێت کە جەستەی هەموو بەشەریەت ببێت بە جەستەی مەلایەك یان قەشەیەك یان مامۆستایەك.

کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنە هەرگیز پێویستی بە دەیان دەزگا بۆ سۆسیالیزاسیۆن نیە. چونکە هەموو تاکەکان لە نێو سروشتی یەك پێوەندیدا پەروەردە دەکات. بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگەیەی کە زانست وعەقڵ هەڵدەبژێرێت، بەردەوام پێویستی بە دامەزراندنی دەیان جەستەی پیشەیی هەیە بۆ ئەوەی ئەرکی سۆسیالیزاسیۆن بگرنە ئەستۆ. "[19]

وەك باسمان کرد، عادل باخەوان سورە، لەسەر گواستنەوەی هەموو تەفسیلاتی کێشە وهەرای نێوان عەلمانیەت وکلێسا لە فەرەنسا، ولەو دەقانەیدا کە دەیانهێنێتەوە، هیچی بۆ زیاد ناکات تەنها وشەی (مەلا) و (مزگەوت) زیاد دەکات، لە جیاتی (قەشە) و (کلێسا) ، چونکە دڵنیام ئەو قسانەی دەیانکات زۆربەی وەرگێڕانن. وکۆپی کردنەوەیەکی ناعەقلانی کێشەیەکی بیانین، دەنا مێژووی (قەشە) و (کلێسا) ئارد وئاسمانی فەرقە لە (مەلا) و (مزگەوت) .

ئایا لە وجودی مزگەوت یشدا، لە سەردەمەکانی شارستانیەتی ئیسلامدا، دەیان دەزگا وڕێکخراو چاکترین ڕۆڵی نەدەدیت لە مەدەنیترین کۆمەڵگای ئەو ساتەدا؟!

ئەو هەموو زانکۆیانەی موستەنسرییە، وقەیرەوان، ئومل قورا، وئەزهەر وچەندینی تر دەزگا نەبوون.

ئەی (دار الحکمە) ی مەئمونی ئومەوی نەبوو بە سەدان وهەزاران کتێبی فەلسەفە ومەنتیق ومێژووی وەردەگێڕا؟!

ئەی جیهانی ئیسلام پڕ نەبوو لە بیمارستان، لە کاتێکدا هێشتا ئەورووپاش یەك نەخۆشخانەی لێنەبوو؟!

نەك ئەوە بەڵکو لەرۆژگارەکانی ژیاری ئیسلامدا، شوێنی تایبەتی هەبوو بۆ ئەو ئاژەڵانەی خاوەنەکانیان کاریان پێ نەمابوون، پیرو پەککەوتە ونەخۆش بوون، تا مردن دەوڵەت بە خێوی دەکردن.

وادیارە عادل باخەوان، لەسەردەمی ئیسلامیبونیشی ئەو زانیارییە سەرەتاییانە فێرنەبوە، وادیارە هەر بیری نەگۆڕاوە بەڵکو بیرەوەریشی لە دەست داوە!

عادل باخەوان لەو لەبەر یەکگرتنانەی، دەگاتە حاڵەتێکی سەیر کاتێ جۆرە دژایەتیەك بڕیار دەدات لە نێوان:

---

[19] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە (١٢٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣

قوتابخانه و مزگەوت

ئازادی وکۆیلایەتی بۆ خوا!

خوا وعەقڵ!

"قوتابخانه تاك فێری ئازادی دەكات و مزگەوتیش تاك فێری كۆیلایەتی بۆ خوا دەكات"

"قسەكردنی مزگەوت لەسەر خوا، قوتابخانه لەسەر عەقڵ. . ."[20]

"بەڵام مۆدیرنیتی دێت ولەبری یاساكانی خوا كار لەسەر جێبەجێكردنی یاساكانی (شار) دەكات، وە لەبری ئیمان بەخوا كار لەسەر عەقل دەكات. "[21]

بڵێی ئادەمیزاد لەبەردەم ئەو دوو هەڵبژاردنە سەختە دابێت؟! یان باوەڕ بە خوا، یان بە عەقل؟!

ئەی (حي بن يقظان) ی ابن الطفيل‌ی ئیسلام، وروبنسۆن كروزۆی دانیال دوفۆی ڕێنیسانس بە عەقل خوایان نەناسی؟!

لە بیرمە لە تەلەفۆنێك، لە نێوان عادل باخەوان وبرادەرێك[22]، كاتێك ئەو برادەرە، كاك عادل باخەوانی تاوانبار دەكرد بە بێ دینی، عادل باخەوان، زۆر بەرگری لە خۆی دەكرد، كە من تەلەفۆنەكەم وەرگرت بۆ چاك وچۆنی، عادل باخەوان هێشتا بەرگری لە خۆی دەكرد، بە نارەزاییەكی ڕاشكاوەوە دەیگوت "كاكە من لە تۆ موسڵمان ترم!"هیوادارم وابێت! چونكە ئەو دواندنانەی سەرەوە شتێكی تر دەدركێنن.

ئینجا باس لە چەمكی بان ban دەكات، كە بەهەڵە بەسنور تەرجەمەی دەكات، ڕاستیەكەی قەدەغەكراوە، وەك ڕەهەندێكی بە كۆمەڵایەتی كردنی پرۆگرامی دەزگایی، وەك ڕەوشتی هەمیشەیی هەر عەلمانیەك، دەیەوێت بە مەكیاژی بەرگری كردنی لە ئافرەت خۆی شیرینتر كات:

"بۆ نمونە لە مزگەوتێكدا ژنێك هەقی ئەوەی نیە بە هیچ شێوەیەك بەرنوێژی بۆ پیاوان بكات"

ئەو وریێنە مۆدرانانە ببوون لە خۆرئاوا، هێندەیان فشار خستە سەر كلێسا، تا لە ناوەرۆكی خۆیان بەتاڵیان كرد.

لە پاش فشارێك، دەرگای كلێسایان، بەسەر هۆمۆسیكچوالەكانیان كردەوە.

پاش فشارێكی تر، كلێسای تایبەتیان بۆ هۆمۆسیكچوالەكان كردەوە!

دوایی فشارێكی تر، جوتە پیاویان لەیەك مارە كرد لە كلێسا!

فشارێكی تر، جوتە ژنیان لەیەك مارە كرد!

ئەمڕۆ كاك عادل باخەوان، خەمی ئەوەیەتی ئافرەتی موسڵمان ناتوانێت بەرنوێژ بۆ پیاوان بكات، دەبێت لە دوا ڕۆژ خەمی داهاتووی چی بێت، لە ژێر كاریگەری بەها جیهانیەكانی مۆدیرنیتی؟

خۆزگە عادل باخەوان، ئەگەر هێندە بەتەنگەوەی ماڤ ئافرەتە، لە خۆیەوە دەستی پێدەكرد، نەك بەها عەلمانیەكانی ژیانی نوێی خۆی بسەپێنیت، بەسەر ئەو هاوسەرەی، كە لە ساتێكی تری زەمەنی مزگەوتی تراديسيۆن گرێبەندی، خۆی لەگەڵیدا كردبوو، لەبەر بەرگە نەگرتنی فشاری ئەو گۆڕانە رۆكێت ئاسایەی، كە خەریك بوو بە خورتی بەسەریدا بسەپێنرێت، ناچار كرا رۆكێت ئاسا لە دەستی ڕابكات. !

لە ئیسلامدا ئافرەتی موسڵمان بۆی نیە ژیان لەگەڵ پیاوێكی نا موسڵمان بەرێتە سەر، بەڵام فەقیهەكانی كۆن ونوێ، بەو هەموو تراديسيۆنیەتەوە، بڕیاری ئەوەیان داوە ئەگەر ئافرەتێك موسڵمان بوو، بەڵام پێش موسڵمان بوونی هاوسەری نا موسڵمانێك بوو، بۆی هەیە ژیانی بەردەوام كات لەگەڵیدا.

ئەو كۆمەڵگا مۆدیرنیتی یەی كاك عادل باخەوان، مژدەی پێدەدات، هێندە نە خۆشن تا ئێستا، بە تەواوی بەرگەی سەرپۆشێكی كچە موسڵمانێكی فەرەنسی ناگرن.

[20] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە تراديسيۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە (١٢٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣

[21] هاوڵاتی (لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانە یاخود لە تراديسيۆنەوە بۆ مۆدێرنێتی) ژمارە ( ١٢٩ ) چوارشەممە ٢٥ / ٦ /٢٠٠٣.

[22] ناتوانم ناوی بێنم، چونكە ئیزنی ئەوم پێ نییە.

ئەو کۆمەڵگایەی کە عادل باخەوان تێیدا دەژیێت، بەداخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕقی زیاتر دەبێت بەرامبەر بێگانەکان، بە بەردەوام دەستدرێژیان دەکەنە سەر، هێندەی نەما بوو، خەڵکی فەرەنسای ئازاد، نا مرۆڤێکی وەك (ژان ماری لۆبین) ی ڕەگەز پەرست بە دەنگەکانیان بهێننە سەرکار، کێ دەزانێت ڕۆژێك دەستدرێژییەکی ڕەیسیست ناکرێتە سەر خودی عادل باخەوان، چونکە دەئەوەندەی تر، مێشکی بە مۆدێرنیتی وپۆست مۆدێرنیتی بئاخنێت، بارتەقای تاوانی سەر ڕەشی ورۆخسار ڕۆژهەڵاتی ناکاتەوە!

من نازانم ئەو هەمووو فەلسەفە، وقسە قەبانەی عەلمانیەت، و مۆدێرنیتی لە خۆرئاوا بۆ کێ دەنووسن؟ ئەگەر نەیانتوانیبێت، تا ئیستا کۆمەڵگایەکی بەمانای وشە مرۆڤدۆست دروست بکەن؟ لەوانەیە لەسەر ئاستی تاکە کەس، خەڵکی زۆر مرۆڤ هەبن، بەڵام هەرگیز ئەوە حاڵەتێکی گشتی نیە، لە پاش (١١) ی سێپتەمبەر زانیم، ئەو مرۆڤەی پرۆژێکتی مۆدێرنیتی وسیکیولاریزم دروستی کردوە، چەندە ساختە وبێ بنچینەیە! لە هەر گۆشەیەك بوایت، وا تەماشایان دەکردیت، وەك هەڵاتوێك لە زیندان، وجلی زیندانت لەبەر بێت!

عادل باخەوان لە ستایشی مۆدێرنیتی دا دەڵێت:

"بەڵام ئەو تاکەی کە لەلایەن مۆدێرنیتی وە خەلق دەکرێت، کائینێکە خۆی ڕێبەرایەتی خۆی دەکات وخۆی کۆنترۆلی خۆی دەکات ولە ژێر تیشکی هۆشیاری خۆیدا ڕێدەکات. ئەم تاکە خۆی باوکی خۆی ودایکی خۆی وقەبیلە وعەشیرەتی خۆیەتی"[23]

(نازانم چۆن نەینوسیوە کە خۆی خوای خۆیەتی؟ چونکە خوا لە هاوکێشەکانی عادل باخەوان دژی ئازادیەکانە)

ئەو دەقەی سەرەوە لوتکەی تاکڕەوی ویەکاخورییە، جۆرێکە لە بەخواکردنی ئادەمیزاد، وزایەڵەی بیرە سوپەرمانەکانی نیتشەویە، کە ئەمرۆ مۆدێرنیزم تەبەننای دەکاتەوە، بۆ نوێکردنەوەی جاری مەرگی خوا.

ئەو بیرە نامۆیانەی مۆدێرنیتی بوو، کەوای لە ئادەمیزادی خۆرئاوا کردوە، هەریەکەی ببێتە دورگەیەکی کەنارگیر، لە لوتکەی خۆپەرستیدا بێت، بۆی هەیە ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵ هاوسێت بێت، بێ ئەوەی بەیانی باشێکت لێبکات! زیادەڕۆیی لە ئازادی، بوە هۆی ڕودانی کارەساتی گەورە لە کۆمەڵگاکانی ئادەمیزاد، زیادەڕۆیی لە عەقلانیەت، بەناوی عەقلانیەت چەندین تاوان ئەنجام دەدرێت.

.

ئێمە پێویستیمان بە مۆدێرنیتی یەکی تایبەتە، بە عەقل بەڕێوە بچێت، بەڵام دڵ لەبیر نەکات، ئێستای لەبەر چاو بێت، بەڵام ڕابردووی لەبیر نەچێت. . لە مۆدێرنیتی ئەگەر عەقل بە خوا بکرێت، لە ئیسلامدا، عەقل تەنها ئامرازێکە، یارمەتی دەدات بۆ دەرك کردنی ئەرکەکانی لەو بونەوەردا.

مۆدێرنیتی پرۆژەیەکی خۆرئاوایی یە، ولە هەلومەرجێکی تایبەتی خۆرئاوا دروست بوە، دابڕانێکی مەعریفی ئەجامدا لەگەڵ میراتی ئایینی خۆرئاوا، لەبەر ئەو دەوڵەتە کەهنوتییەی کە کلێسا دروستی کرد، وبەناوی لا هوتەوە، دابڕانێکی مەعریفی کرد لەگەڵ عەقل وزانست وپێشکەوتندا. . . پرۆژەی مۆدێرنیتی وەك کاردانەوەیەك لە دژی ئەو واقیعە کەهنوتیە سەریهەڵدا.

بەو پێیە، مۆدێرنیتی، چارەسەرێکی خۆرئاواییە، بۆ گرفتێکی خۆرئاوایی.

لە ئیسلامدا ئێمە ئەو گرفتە کەهنوتیانەمان نیە، بێ هودەیە ئەو چارەسەریانە لە ژینگەیەکی خۆرئاوا بێنین بۆ گرفتی گەلێکی نامۆ پێی.

خۆزگە کاك عادل باخەوان، وەك لێکۆلەرێکی ئەکادیمی، سەرپێیانەش بوایە، باسی ئەو ڕەخنانەی کردبا، کە خودی سۆسیۆلۆگە خۆرئاواییەکان ئاڕاستەی پرۆژەی مۆدێرنیتی یان کردوە، وەك:

بە (کاڵاکردنی ئادەمیزاد) ، (نامۆبوون) ، (مرۆڤی یەك ڕەهەند) ، (ئامێربوونی عەقل) ، (شیرازە پچڕانی خێزان) ، (پرۆژەی خوانەناسی dedivinization project)

ئەو سەرە باسانە دەکرێت لە هەلێکی تر، بە درێژی لێی بدوێین.

محەمەد هەریری/ لەندەن

٢٠٠٣/٧/٤

---

[23] هاولآتي (لة مزطةوتةوة بؤ قوتابخانة ياخود لة تراديسيؤنةوة بؤ مؤديَرنيَتى) ذمارة ( ١٢٩ ) ضوارشةممة ٢٥ / ٦ /٢٠٠٣.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org